# یارمەتیی فێربوون و ژیانی قوتابخانە

# هەموو قوتابیان مافی یارمەتیی فێربوونیان هەیە

- زۆر لە قوتابیان پێویستییان بە یارمەتیی فێربوون هەیە.
- پێویستیی یارمەتی بۆی هەیە کاتی بێت یانیش ماوەیەکی درێژتر بخایەنێت.
- قوتابی مافی ئەوەی هەیە کە هەر کاتێك دەرکەوێت کە پێویستیی بە یارمەتی هەیە، یەکسەر بەگوێرەی پێویست لە فێربوون و ژیانی قوتابخانەدا یارمەتی بدرێت.
- قوتابخانە بەپێی ئەوە یارمەتیی قوتابی دەدات کە چەندێك و چی جۆرە یارمەتییەکی پێویستە.
- لە پلانی خوێندنی ناوچەییەدا باسی ڕێکخستنی یارمەتی دەکرێت لە ڕووی کردەوەییدا.


# یارمەتی ڕێگری دەکات لە گەورەبوونەوەی کێشە و گرفتەکان

- پێویستە ئەو یارمەتییە کە بە قوتابی دەدرێت گونجێنراو بێت و نەفەس درێژانە پلانی بۆ دانرابێت.
- یارمەتی هەتا ئەو کاتە دەدرێت و بەو شێوەیە دەدرێت کە پێویست دەکات.
- سەرپەرشتان، مامۆستایان و پیشەگەرانی تری قوتابخانە لە تێبینیکردن و هەڵسەنگاندنی پێویستیی یارمەتیەکە و لە پلاندان بۆ یارمەتیەکە و جێبەجێکردنیدا هاوکاری دەکەن.
- ئەرکی یارمەتیەکە ئەوەیە کە رێگری بکات لە گەورەبوونەوەی کێشە و گرفتەکان.
- شتیکی گرینگە کە هەر قوتابیەك ئەزموونی سەرکەوتن و کارکردنی وەکو ئەندامێکی گرووپی پێ بدرێت.

# شێوەکانی یارمەتیی فێربوون و ژیانی قوتابخانە

- ڕێکخستنە فێرکاریەکان و ڕێکارە پەروەردەییەکان
- ئەو چارەسەرانەی کە پەیوەندییان بە ژینگەی فێربوونەوە هەیە
- فێرکاریی یارمەتیدەر
- فێرکاریی تایبەت یان فێرکاریی تایبەتی بەشێك لە کاتەکان
- جیاکردنەوە یان فێرکاریی تاکە کەسی
- کەرەسە یارمەتیدەرەکان
- خزمەتەکانی کەسی یارمەتیدەر
- خزمەتەکانی تەفسیرکردن

# خوێندکارە جیاجیاکان پێویستییان بە یارمەتیی جیاجیا هەیە




- هەر قوتابییەك لە خوێندن و ژیانی قوتابخانەدا لایەنی بەهێز و ئاڵنگاریی تایبەتی خۆی هەیە.
- خوێندکارە جیاجیاکان پێویستییان بە یارمەتیی جیاجیا هەیە
- پێویستیی یارمەتی بەشێوەی تاکەکەسی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.
- سێ ئاستی یارمەتیی فێربوون و ژیانی قوتابخانە بریتین لە یارمەتیی گشتی ، یارمەتیی بەهێزکراو و یارمەتیی تایبەت.
- قوتابی دەتوانێت هەر جارەی تەنها یەك لەو ئاستی یارمەتیانە وەربگرێت.

# یارمەتیی گشتی

- یارمەتیی گشتی بۆ هەموو قوتابیانە
- بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لە یارمەتیی گشتی کردەوەی یارمەتیدەری تاك و تەرا یان کورتخایەنە.
- لە یارمەتیی گشتیدا مامۆستا لە ئاڵنگاریە جیاجیاکانی فێربووندا، بۆ نموونە لە چارەسەرە تاکەکەسیە پەروەردەییەکاندا یارمەتیی قوتابی دەدات.
- هەروەها دەکرێت یارمەتیی گشتی کردەوەی ئاراستەکردنی جیاجیاش لەخۆ بگرێت.
- یارمەتیی گشتی هەر کاتێك کە پێویستیی یارمەتی دەرکەوێت، بەبێ لێکۆڵینەوە یان بڕیاری تایبەت یەکسەر دەدرێت.

# یارمەتیی بەهێزکراو

- ئەگەر یارمەتیی گشتی بەش نەکات، دەگوێزینەوە بۆ یارمەتیی بەهێزکراو
- لە یارمەتیی بەهێزکراودا قوتابی بۆ خوێندن و ژیانی قوتابخانەکەی یارمەتیەکی بەردەوامتر و بەهێزتر و تایبەت تر بەخۆی وەردەگرێت.
- دەستپێکردن و ڕێکخستنی یارمەتیی بەهێزکراو بەندە لەسەر ئەو هەڵسەنگاندنی پەروەردەییەی کە مامۆستاکە پێکەو لەگەڵ پیشەگەری لیژنەی خزمەتی قوتابیاندا پێی هەڵدەستێت.
- لە یارمەتیی بەهێزکراودا بەرنامەی خوێندنی تایبەت بۆ قوتابی دادەنرێت، کە بەپێی ئەوە یارمەتیەکە دەدرێت

# یارمەتیی تایبەت

- لە کاتێکدا کە پێویستیی یارمەتی فراوانتر بێت، دەگوێزینەوە بۆ چوارچێوەی یارمەتیی تایبەت
- ئەو قوتابیەی کە پێویستیی بە یارمەتیی تایبەت هەیە، لەسەر بنەمای ڕوونکردنەوەی پەروەردەیی بڕیاری یارمەتیی تایبەتی بۆ دەدرێت.
- پلانی تایبەت بە ڕێکخستنی فێرکاریی تاکەکەسی (HOJKS) بۆ قوتابی دادەنرێت، کە بەپێی ئەوە یارمەتی دەدرێت.
- لە یارمەتیی تایبەتدا قوتابی دەتوانێت بۆ نموونە لە پۆلی بچووکدا بخوێنێت یان بەگوێرەی ئەو بەرنامە خوێندنەی کە تایبەت بە خۆی بۆی دانراوە.
- فێرکاریی تایبەت و ئەو یارمەتییانەی تر کە بە قوتابی دەدرێن پێکەوە کۆبەندێکی یەکگرتوو پێکدەهێنن.

# پێویستیی یارمەتی بە بەردەوامی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.

- پێویستیی هەموو قوتابیەك بۆ یارمەتی هەمیشە پێکەوە لەگەڵ سەرپەرشتان و قوتابیەکە خۆی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.
- لەکاتی پێویستدا دەکرێت یارمەتیەکە زیاد بکرێت یان کەم بکرێتەوە
- ئامانج ئەوەیە کە ئەوەندەی بکرێت ژمارەیەکی زۆرتری قوتابی لە چوارچێوەی یارمەتیی گشتی و بەهێزکراودا بخوێنن.
- زانیاریی زیاتر سەبارەت بە یارمەتیی فێربوون و ژیانی قوتابخانە لە پلانە فێرکاریە ناوچەییەکاندا یانیش لەم سایتەدا دەست دەکەوێت oph.fi